سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر بەردەوام بوونی کردەی دەستپێشخەری بەرامبەر تیرۆر و بەردەوامبوونی ئاهەنان و هەمەجەرکردنی چەکەکان

بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز سابیت ئیلعەباسی وەزیری بەرگری، لەم دیدارە بەڕێزیان گوێبیستی شیکردنەوەیەکی تێروتەسەل بوو لەسەر کار وپ شکۆتنی وەزارەتی بەرگری، سەماحەتی ستایشی دەستکەوتە ئەمنییەکانی کرد کە بەدی هاتوون و بە پێوستی زانی پارێزگاریان لە بکرێت و باشتریش بکرێن، هەروەها جەختی لەسەر بەردەوام بوونی کردە سەربازییە کتوپڕەکان کردەوە، هەروەها بەپێویستی زانی بایەخی زیاتر بە سەربازان بدرێت لەووی مەشق کردن و دابین کردنی چەکی پێشکەوتوو، بانگەشەشی بە پیدانی زەوی بە کارمەندانی سوپا و کەسوکاری شەهیدان کرد.

بەڕێز حەکیم گرنگی پێچەک و هەمەچەشنی سەرچاوەکانی لەچوارچێوەی کاریەکانی دەوروبەری عێراقدا دووپاتکردەوە و تەئکیدیشی لەسەر گرنگی پێویستدیکردن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی دەزگا ئەمنییەکانی وەزارەتی ناوخۆ و دامودەزگا ئەمنییەکان کردەوە و ئاماژەی بەپێویستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مەدەرن لەسیستمی بەرگریدا و بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد تا هاوشێوەی پێشکەوتنی سوپای جیهان دەرکەوێت.